# پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دوو لەسەر سێی چنگێک ئاوی بۆ هێندرا و باڵەکانی بە جوانی دەشۆرد

له عبداللەی کوڕی زەیدەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دوو لەسەر سێی چنگێک* ئاوی بۆ هێندرا و باڵەکانی** بە جوانی دەشۆرد». *(چنگێک: مەبەست چنگێکی هەردوو دەستێکی (قەبارە مامناوەندە)، **(باڵەکانی: مەبەست دەستەکانە هەتاوەکو ئانیشکەکانیش دەگرێتەوە

[صەحیحە] [ئیبنو خوزەیمە گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

لەم فەرموودەیەدا ئەو بڕە ئاوە باسکراوە کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بەکاریدەهێنا بۆ دەستنوێژگرتن، ئەویش ئەوەیە بە دوو لەسەر سێی چنگێک* ئاو دەستنوێژی دەگرت، ئەوەی مەبەستە جێبەجێی دەکات بە بێ ئیسراف وزیادەڕۆیی کردن، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باڵەکانی** بە جوانی دەشۆرد؛ بەهەمان شێوە ئەندامەکانی تریش ئەمیش بۆئەوەیە ئاو بگاتە هەموو ئەندامە شۆردراوەکان. *(چنگێک: مەبەست چنگێکی هەردوو دەستێکی (قەبارە مامناوەندە)، **(باڵەکانی: مەبەست دەستەکانە هەتاوەکو ئانیشکەکانیش دەگرێتەوە

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8380